# نووسەر و لێکۆڵەر و موفەسیر: مامۆستا عەلی باپیر

ناوی (عەلی باپیر وەتمان)ە، ناسراو بە (مامۆستا عەلی باپیر)[1]، ساڵی ١٩٦١ لە گوندی (کەنجاڕە)ی سەر بە ناحیەی (سەنگەسەر)ی سەر بە قەزای (پشدار) لەدایکبووە.

ساڵی ١٩٦٧ چووەتە قوتابخانەی سەرەتایی سەنگەسەر و پۆلی یەکەمی بڕیوە، باقی پۆلەکانی قۆناغەکانی سەرەتایی لە قوتابخانەی ڕانیەی کوڕان لە ڕانییە تەواوکردووە. ساڵی ١٩٧٤ لە پەیمانگای ئیسلامی وەرگیراوە لە ڕانییە، ساڵی ١٩٧٦ خوێندنەکەی گوێزاوەتەوە بۆ پەیمانگای ئیسلامی لە شاری سلێمانی و ساڵی ١٩٨٠ پۆلی شەشەمی ئامادەیی پەیمانگای ئیسلامی تەواوکردووە و کۆنمرەی (٩٠) بووە.

ساڵی ١٩٨٠-١٩٨١ لە کۆلێژی (فقه) وەرگیراوە لە شاری نەجەف، هەر لەو ساڵەدا هەموو قورئانی پیرۆزی لەبەرکردووە، لە کۆتایی قۆناغی یەکی زانکۆ بە هۆکاری سیاسی لە خوێندن دادەبڕێت و ڕوو دەکاتە کوردستانی ئێران و بۆ ماوەی شەش مانگ لە دێی (بەردەڕەش)ی نێوان (سەردەشت) و (بانە) لە حوجرە و قوتابخانەی (مامۆستا مەلا موحەمەدی عەزیزی بەردەڕەشیی) سەرگەرمی خوێندنی زانستە ئیسلامییەکان دەبێت.

ساڵی ١٩٨٢ دەچێتە تارانی پایتەختی ئێران بۆ درێژەدان بەخوێندنی زانکۆ، بەڵام هەوڵەکانی بێهودە دەبن و ساڵی ١٩٨٣ دەگەڕێتەوە کوردستانی عێراق و لە بەڕێوبەرایەتی ئەوقافی هەولێر ئیمتیحانێکی پێشنوێژی و وتاربێژی دەدات و بە پلەیەکی زۆر باش دەردەچێت و دادەمەزرێت بە پێشنوێژ و وتاربێژ لە مزگەوتی (نۆڕسی) لە (ڕانیە).

ساڵی ١٩٨٤ چووەتە گوندی (سەرسیان)، ساڵی ١٩٨٥ دەچێتە گوندی (گەڵووی ماخۆبزنان) لەوێ بەردەوامدەبێت لە ئەرکی پێشنوێژ و وتارخوێن، ساڵی ١٩٨٧ ڕوو دەکاتە ناوچە سنورییەکانی نێوان عێراق و ئێران و دەست دەکات بەکار و چالاکی سیاسی و ژیانی پێشمەرگایەتی و ئێستا ئەمیری حیزبی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستانە.

سەدان نووسین و بابەتی لە ڕوپەڕی بەشێك لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوکراوەتەوە، خاوەنی سەدان زنجیرە وتار و بەرنامەی ئاینی و پەروەردەیی و فیکری و زانستیە بە شێوەی سەوت و صورە و لە پێگە ئەلکترۆنیەکان و تەلەفزیۆنە ناوخۆییەکان و جیهانیانیەکاندا پێشکەشی کردون.

بەشداری چەندین کۆنگرە و کۆنفرانس و کۆڕبەندی جیهانیی و ئیقلیمی و نێونەتەوەیی کردووە و سەدان کۆڕ و سیمیناری پەروەردەی و فیکری و سیاسی و عەقیدەیی بۆ چین و توێژە جیاوازەکان ئەنجامداوە.

---

[1] بە ڕەچەڵەك دەگاتەوە سەر فەقێ ئەحمەدی دارەشمانەیی، بەم شێوەیە: (عەلی باپیر وەتمان ماماغا وەتمان ئەحمەد حەمەداغا پیربوداغ میراودەل فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە، واتە لە سەری باوکیەوە لە عەشیرەتی میراودەلییە.

## بەشێك لە نووسین و لێکۆڵینەوە و ئامادەکردن و  بەرهەمە چاپکراوەکانی:

### أ- لە بواری قورئان و سوننەتدا:

١. پوختەیەك دەربارەی ئیسلام لەبەر ڕۆشنایی سورەتی فاتیحەدا[٢].

٢. با لە خزمەت قورئاندا بین[٣].

٣. تەفسیری قورئانی بەرز و بە پێز[٤].

٤. شوێنکەوتنی سوننەتی پێغەمبەر-صلى الله عليه وسلم-لە نێوان کەمتەرخەمی و زێدەڕۆیدا[٥].

٥. ڕێبازی پێغەمبەری خوا:-پێناسە و گرنگی و پێویستی-[٦].

### ب- لە بواری فیکری ئیسلامی دا:

١. دەبەرێك ڕاچونی ئیسلام و ڕێچکان[٧].

٢. پڕۆژەی بەرنامەی فیکری کاری ئیسلامی[٨].

٣. ڕوونکردنەوەی بنەما شەرعییەکان و هێڵە گشتییەکانی کۆمەڵی ئیسلامیی[٩].

٤. چەند مەسەلەیەکی باوی سەردەم-سەرنجێکی واقعیانە و هەڵسەنگاندنێکی شەرعیانە-[١٠].

٥. خواناسی، ئایین، ئیمان ...[١١].

٦. مەوسوعەی: ئیمان و عەقیدەی ئیسلامی لەبەر ڕۆشنایی قورئان و سوننەتدا[١٢].

٧. تەوژمی ئیسلامیی و عەلمانیی و خاڵە هاوبەش و جیاوازەکان[١٣].

٨. تەرجەمەی کوردی عەقیدەی تەحاوی[١٤].

---

[٢] چاپی یەکەم: شەفیق، بەغداد/عێراق ١٩٨٤. چاپی دووەم: ٣٥٠ لاپەڕە، تەفسیر، هەولێر/عێراق ٢٠٠٦.

[٣] چاپی یەکەم: ٢٠٠٨. چاپی دووەم: ٢٩٢ لاپەڕە، تەفسیر، هەولێر/عێراق ٢٠١٦.

[٤] تا ئێستا ١٥ بەرگی لێ چاپکراوە، بەرگی یەکەم: ٢٠١٢. بەرگی پەزدەهەم: ٢٠٢٠.

[٥] چاپی یەکەم: ١٢٧ لاپەڕە، تەفسیر، هەولێر/عێراق ٢٠١٥.

[٦] چاپی یەکەم: ٢٧٩ لاپەڕە، تەفسیر، هەولێر/عێراق ٢٠١٨.

[٧] چاپی یەکەم: ١٩٨٥. چاپی سێیەم: ٢٠٠٦.

[٨] چاپی یەکەم: ٢٥١ لاپەڕە، وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستان، هەولێر/عێراق  ١٩٩٦.

[٩] چاپی یەکەم: ٢٠٠١. چاپی چوارەم: ٦٠٧ لاپەڕە، ٢٠١٤.

[١٠] چاپی یەکەم: ٢٠٠٢. چاپی شەشەم، ٥٠١ لاپەڕە، تەفسیر، هەولێر/عێراق ٢٠١٧.

[١١] چاپی یەکەم: ٢٠٠٢. چاپی سێیەم: ٥٩٦ لاپەڕە، تەفسیر، هەولێر/عێراق ٢٠٠٩.

[١٢] چاپی یەکەم: ٢٠٠٦-٢٠٠٨. چاپی دووەم: لە شەش بەرگدا، زیاتر لە ٢١٨٠ لاپەڕە، تەفسیر، هەولێر/عێراق ٢٠١٦.

[١٣] چاپی یەکەم: ٢٠٠٨. چاپی سێیەم: ٣٣٣ لاپەڕە، تەفسیر، هەولێر/عێراق ٢٠١٥.

[١٤] چاپی یەکەم: ٨٦ لاپەڕە، تەفسیر، هەولێر/عێراق ٢٠١٤.

٩. ڕونکردنەوەی عەقیدەی تەحاوی[١٥].

١٠. سیکۆلاریزم و دیموکڕاسی لە ئەزموونی کوردستاندا–دیبەیتی سالٚ–[١٦].

١١. مەوسووعەی: بیرکردنەوەی ئیسلامی لە نێوان وەحیی و واقعدا[١٧].

١٢. مەوسووعەی: ئیمان و ئیلحاد–لەبەر تیشکی زگماك و عەقلٚ و زانست و وەحی دا–[١٨].

## ت- لە بواری فیقهی ئیسلامیدا:

١. مەوسوعەی: خواپەرستی ئیسلامی لەبەر ڕۆشنایی قورئان و سوننەت دا[١٩].

٢. بنچینە گرنگەکانی هەڵسوکەوتی شەرعیانە و ژیرانە لەگەڵ وردە بابەتە خیلافییەکاندا[٢٠].

٣. جەژن و یاد و بۆنەکان و هەڵسەنگاندنێك[٢١].

٤. چەند بابەتێکی هونەری لەبەر ڕۆشنایی قورئان و سوننەتدا–سرود و مۆسیقا–[٢٢].

٥. چەند بنەمایەکی گرنگی مالٚ و سامان و بەخشین لە ڕێی خودا[٢٣].

## پ- لە بواری تەزکیەی نەفس و ڕەوشت و ئاکار:

١. یادی خوا–گرنگیی یادی خوا لە ژیانی مرۆڤدا–[٢٤].

٢. ڕێگای صاڵح بوون و بەرەو خوا چوون، تەزکیەی نەفس لەبەر ڕۆشنایی قورئان و سوننەتدا[٢٥].

٣. مزگەوتەکانی کوردستان لە نێوان ئاوەدانکردنەوە و وێرانکردندا[٢٦].

٤. گەڕانەوە بۆ لای خوا[٢٧].

---

[١٥] چاپی یەکەم: ٤٠٠ لاپەڕە، تەفسیر، هەولێر/عێراق ٢٠١٥. چاپی دووەم: ٢٠١٧.

[١٦] چاپی یەکەم: ١٢٠ لاپەڕە، تەفسیر، هەولێر/عێراق ٢٠١٦.

[١٧] چاپی یەکەم: لە پێنج بەرگدا، زیاتر لە ١٧٥٠ لاپەڕە، تەفسیر، هەولێر/عێراق ٢٠١٨–٢٠١٩.

[١٨] چاپی یەکەم: ٢٠١٨، چاپی دووەم: لە دوو بەرگدا، زیاتر لە ١١٢٨ لاپەڕە، تەفسیر، هەولێر/عێراق ٢٠٢٠.

[١٩] چاپی یەکەم: ٢٠٠٠. چاپی دووەم: لە چوار بەرگدا: زیاتر لە ١٦٦٠ لاپەڕە، تەفسیر، هەولێر/عێراق ٢٠٠٩.

[٢٠] چاپی یەکەم: ٤٧ لاپەڕە، ١٩٩٩.

[٢١] چاپی یەکەم: ١٩٥ لاپەڕە، تەفسیر، هەولێر/عێراق ٢٠١٣.

[٢٢] چاپی یەکەم: ٢٠٠٩. چاپی دووەم: ٣١٩ لاپەڕە، تەفسیر، هەولێر/عێراق ٢٠١٥.

[٢٣] چاپی یەکەم: ١٠٠ لاپەڕە، ڕۆژهەلاٚت، سلێمانی/عێراق ٢٠١٣.

[٢٤] چاپی یەکەم: ٢٠٢ لاپەڕە، ئیرشاد، بەغداد/عێراق ١٩٨٧.

[٢٥] چاپی یەکەم: ١٩٩٠. چاپی پێنجەم: ٣٧٢ لاپەڕە، تەفسیر، هەولێر/عێراق ٢٠١٢.

[٢٦] چاپی یەکەم: ٥٨ لاپەڕە، ١٩٩٩.

[٢٧] چاپی یەکەم: ٢٠٠١. چاپی پێنجەم: ١٩٩ لاپەڕە، ئارا، سلێمانی/عێراق ٢٠١٠.

٥. شەهید کێیە و چ پلە و پایەیەکی هەیە[٢٨].

٦. باسێك لە بارەی بینینی خوای بەرز و مەزن لە دنیا و دوارۆژدا[٢٩].

٧. گیانی ژیان، باش خوا پەرستن و خۆ پاك و چاك كردن[٣٠].

٨. مەوسوعەی: ڕەوشت و ئاكاری ئیسلامیی لەبەر ڕۆشنایی قورئان و سوننەتدا[٣١].

٩. ئەدەب و ڕەوشتە كۆمەڵایەتییەكان لەبەر تیشكی وەحیی و عەقڵ دا[٣٢].

## ج- بانگەواز و كاری ئیسلامی:

١. جیهاد لە ڕێی خودا و چەند سەرنج و ئاگادارییەك[٣٣].

٢. دەرد و دەرمانی بزووتنەوەی ئیسلامی[٣٤].

٣. بزوتنەوەی ئیسلامیی و قۆناغی نوێی[٣٥].

٤. پێشمەرگەی ئیسلام، یان موسوڵمانی موجاهید كێیە[٣٦].

٥. چەند ڕێڕوونییەك بۆ ئیسلامییەكانی كوردستان[٣٧].

٦. بزوتنەوەی ئیسلامی و ئاسۆیەكی گەش و ڕوون[٣٨].

٧. چۆن لە جیهاد بگەین[٣٩].

٨. ئیسلام و كێشە هەنووكەییەكان[٤٠].

---

[٢٨] چاپی یەكەم: ٥٨ لاپەڕە، ٢٠٠٢.

[٢٩] چاپی یەكەم: ٧٣ لاپەڕە، تەفسیر، هەولێر/عێراق ٢٠١٦.

[٣٠] چاپی یەكەم: ٢٨٩ لاپەڕە، تەفسیر، هەولێر/عێراق ٢٠١٥.

[٣١] چاپی یەكەم: ٦٧٧ لاپەڕە، تەفسیر، هەولێر/عێراق ٢٠١٦.

[٣٢] چاپی یەكەم: ٣٧٦ لاپەڕە، تەفسیر، هەولێر/عێراق ٢٠٢٠.

[٣٣] چاپی یەكەم: ١٩٨٨. چاپی سێیەم: ٦٧ لاپەڕە، ٢٠٠١.

[٣٤] چاپی یەكەم: ١٣١ لاپەڕە، شەهیدانی گردی ڕەمكان، عێراق ١٩٩٠.

[٣٥] چاپی یەكەم: ٦٢ لاپەڕە، ١٩٩٤.

[٣٦] چاپی یەكەم: ١٩٩٨. چاپی چوارەم: ١٧٠ لاپەڕە، ٢٠٢٠.

[٣٧] چاپی یەكەم: ١١١ لاپەڕە، هەولێر، ١٩٩٧.

[٣٨] چاپی یەكەم: ٦٤ لاپەڕە، هەولێر ١٩٩٧.

[٣٩] چاپی یەكەم: ٥٩ لاپەڕە، ئۆفسێتی تیشك، سلێمانی/عێراق ١٩٩٨.

[٤٠] چاپی یەكەم: ٥٢ لاپەڕە، ١٩٩٨.

٩. هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکیداو چەند ئامۆژگارییەك بۆ ئەندام و موجاهیدانی کۆمەڵی ئیسلامی[٤١].

١٠. زانایانی ئیسلام کێن و چۆنن؟![٤٢].

١١. جیهاد لە ڕێی خودا چییە و بۆچی دەکرێ و چۆن دەکرێ[٤٣].

١٢. چەند ڕێڕوونییەك بۆ خوشك و برایانمان لە هەندەران[٤٤].

١٣. ئیسلام و موسوڵمانییەتی و کاری ئیسلامیی–لەبەر ڕۆشنایی قورئان و سوننەتدا–[٤٥].

١٤. هەڵوەشاندنەوەی بیرۆکەی پەڕگیریی ڕێکخراوی داعش–لوتکەی پەڕگیری–[٤٦].

١٥. با لادان و تاوانی پەڕگیران بەرامبەر بە ئیسلام نەمانخاتە دوودڵیی و گومان[٤٧].

١٦. پەڕگیری: پێناسەی، نیشانەکانی پەڕگیران، هۆکارەکانی پەڕگیری، .... [٤٨].

١٧. هەڵوەشاندنەوەی پەڕگیری[٤٩].

١٨. کێ شایستەی مینبەر و میحرابە[٥٠].

## ح- لە بواری نەتەوایەتیی و مەسەلەی کورد:

١. کوردستان بۆ وێران بوو و چۆن ئاوەدان دەبێتەوە؟![٥١].

٢. حوکمی گەڕانەوە ژێر نیری تاغوت لە ڕوانگەی ئیسلامەوە[٥٢].

٣. سۆزی نەتەوایەتیی و بیری ناسیۆنالیزم لە تەرازوی ئیسلامدا[٥٣].

٤. چارەسەری کێشەی کورد لە نێوان ئیمان و پەرلەمان دا[٥٤].

---

[٤١] چاپی یەکەم: ٢٧ لاپەڕە، ٢٠٠١.

[٤٢] چاپی یەکەم: ٢٠٠٢. چاپی سێیەم: ٤٠٤ لاپەڕە، ئارا، سلێمانی/عێراق ٢٠١١.

[٤٣] چاپی یەکەم: ٤٦ لاپەڕە، ٢٠٠٢.

[٤٤] چاپی یەکەم: ٢٠٠٦.

[٤٥] چاپی یەکەم: ٣٤١ لاپەڕە، تەفسیر، هەولێر/عێراق ٢٠٠٦.

[٤٦] چاپی یەکەم: ٢٠١٥. چاپی دووەم: ١٩٩ لاپەڕە، ڕۆژهەڵات، هەولێر/عێراق ٢٠١٧.

[٤٧] چاپی یەکەم: ١٣٣ لاپەڕە، ڕۆژهەڵات، هەولێر/عێراق ٢٠١٥.

[٤٨] چاپی یەکەم: ١٤٢ لاپەڕە، حاجی قادری کۆیی، هەولێر/عێراق ٢٠١٦.

[٤٩] چاپی یەکەم: ٢٠١٩. چاپی دووەم:٤٣٨ لاپەڕە، تەفسیر، هەولێر/عێراق ٢٠٢٠.

[٥٠] چاپی یەکەم: ١٥١ لاپەڕە، تەفسیر، هەولێر/عێراق ٢٠٢٠.

[٥١] چاپی یەکەم: ١٦٠ لاپەڕە، ١٩٨٩.

[٥٢] چاپی یەکەم: ١٩٩٠. چاپی دووەم: ٣٦ لاپەڕە، سیما، سلێمانی/عێراق ٢٠٠٥.

[٥٣] چاپی یەکەم: ١٩٩٠. چاپی چوارەم: زیادکراو، ٣٤٥ لاپەڕە تەفسیر، هەولێر/عێراق ٢٠١٨.

[٥٤] چاپی یەکەم: ٩٩ لاپەڕە، ١٩٩٢.

**خ- له بواری سیاسەت و حکومڕانیدا:**

١. چەند بابەتێکی سیاسی هاوچەرخ لەبەر ڕۆشنایی عەقڵ و وەحیی دا[٥٥].

٢. مەوسوعەی: ئیسلام و دەوڵەتداریی[٥٦].

٣. ڕوانینێکی ئیسلامییانە بۆ واقعی ئێستامان-گرفت و چارەسەر-[٥٧].

٤. گرنگی ڕەوشت لە سیاسەتدا[٥٨].

٥. واقعی دژواری ئۆممەت-هۆکار و چارەسەر-[٥٩].

**د- لە بواری ئافرەت و خێزاندا:**

- ئافرەتی موسوڵمانی کورد، مافە شەرعییەکانی و ئەرکە گرنگەکانی[٦٠].
- مەوسوعەی: ئافرەت و خێزان لە سایەی شەریعەتدا[٦١].

**ژ- لە بواری مێژوودا:**

- پوختەی ژیاننامەی پێغەمبەری خوا-صلی الله علیه وسلم- دەرس و پەندەکانی[٦٢].
- چەند مەڵۆیەك لە خەرمانی تەمەنم -بیرەوەریەکانم-، بەشی یەکەم ١٩٦١-١٩٩١[٦٣].
- بەرکوڵێکی کاروچالاکیی و ڕووداوەکانی ژیانم ١٩٦١-٢٠١٧[٦٤].

---

[٥٥] چاپی یەکەم: ٢٣٣ لاپەڕە، ئارا، سلێمانی/عێراق ٢٠١٠.

[٥٦] چاپی یەکەم: لە چوار بەرگدا، زیاتر لە ١١٧٠ لاپەڕە، تەفسیر، هەولێر/عێراق ٢٠١٤-٢٠١٦.

[٥٧] چاپی یەکەم: ٢٩٢ لاپەڕە، تەفسیر، هەولێر/عێراق ٢٠١٦.

[٥٨] چاپی یەکەم: ٢٠١٩، چاپی دووەم: ١٢٨ لاپەڕە، تەفسیر، هەولێر/عێراق ٢٠١٩.

[٥٩] چاپی یەکەم: ١٤٤ لاپەڕە، تەفسیر، هەولێر/عێراق ٢٠٢٠.

[٦٠] چاپی یەکەم: ٤٢ لاپەرە، ٢٠٠٣.

[٦١] چاپی یەکەم: بەرگی یەکەم: ٢٠٠٢. چاپی سێیەم: بەرگی یەکەم و دووەم: ١٠٤٥ لاپەڕە، تەفسیر، هەولێر/عێراق ٢٠١٣.

[٦٢] چاپی یەکەم: ٢٠١٠. چاپی سێیەم: زیادکراو، ٨٢٦ لاپەڕە، تەفسیر، هەولێر/عێراق ٢٠١٢.

[٦٣] چاپی یەکەم: ٤٤٠ لاپەڕە، ٢٠١٥.

[٦٤] چاپی یەکەم: ١٤٩ لاپەڕە، ٢٠١٨.

**ر- زنجیرەیەك كە (٢١) بابەتی هەنووكەیی لە خۆدەگرێت، كە لەم ناونیشانانە پێكهاتووە:**

١. **گەنجەكانمان لە نێوان ڕەسەنایەتیی و لاسایی كردنەوەدا**[٦٥].

٢. **با وریابین! داڕوخانی ڕەوشت كۆمەڵگەكەمان بەرەو هەڵدێر دەبات**[٦٦].

٣. **بە دوورخستنەوەی ئافرەت لە ئیسلام چ زیانێك دەكەین**[٦٧].

٤. **چۆنیەتی بوونە پێشەنگ و بنیاتنانی بنكەی جەماوەری**[٦٨].

٥. **سیاسەتی ئیسلامیی و چەند ڕوونكردنەوەیەك**[٦٩].

٦. **چەند بنەمایەكی گرنگی وتاربێژیی**[٧٠].

٧. **قوتابیانی زانیاری شەرعیی و چەند سەرنج و ڕێنماییەك**[٧١].

٨. **خووڕەوشتی بەرز و پەسەندی سەنگی مەحەكی موسوڵمانەتییە**[٧٢].

٩. **بانگەواز بۆ لای خودا، چییە و چۆنە و بەكێ دەكرێ**[٧٣].

١٠. **قوتابیان لەم هەل و مەرجەدا پێویستە چۆن بن و چی بكەن؟!**[٧٤].

١١. **واقعی هەرێمی كوردستان-دیدێكی ئیسلامییانە-**[٧٥].

١٢. **سروشت و پایەكانی خێزان و مەسەلەی چەندژنی لە تەرازووی شەرع و عەقڵدا**[٧٦].

١٣. **حوكمی لە ئیسلام هەڵگەڕانەوە و هەڵسەنگاندنێك**[٧٧].

١٤. **كاری ئیسلامیی و ڕەواندنەوەی چەند تەمومژێك**[٧٨].

---

[٦٥] چاپی یەكەم: ٧٣ لاپەڕە، تەفسیر، هەولێر/عێراق ٢٠٠٦.

[٦٦] چاپی یەكەم: ٢٠٠٢. چاپی دووەم: ٧٠ لاپەڕە، تەفسیر، هەولێر/عێراق ٢٠٠٧.

[٦٧] چاپی یەكەم: ٦٠ لاپەڕە، تەفسیر، هەولێر/عێراق ٢٠٠٧.

[٦٨] چاپی یەكەم: ٧٠ لاپەڕە، تەفسیر، هەولێر/عێراق ٢٠٠٧.

[٦٩] چاپی یەكەم: ١٤٥ لاپەڕە، تەفسیر، هەولێر/عێراق ٢٠٠٧.

[٧٠] چاپی یەكەم: ٧٩ لاپەڕە، تەفسیر، هەولێر/عێراق ٢٠٠٦.

[٧١] چاپی یەكەم: ٥٦ لاپەڕە، تەفسیر، هەولێر/عێراق ٢٠٠٧.

[٧٢] چاپی یەكەم: ٨٧ لاپەڕە، تەفسیر، هەولێر/عێراق ٢٠٠٧.

[٧٣] چاپی یەكەم: ٤٨ لاپەڕە، تەفسیر، هەولێر/عێراق ٢٠٠٧.

[٧٤] چاپی یەكەم: ٦٨ لاپەڕە، تەفسیر، هەولێر/عێراق ٢٠٠٨.

[٧٥] چاپی یەكەم: ١٩٩ لاپەڕە، تەفسیر، هەولێر/عێراق ٢٠٠٨.

[٧٦] چاپی یەكەم: ١٤٣ لاپەڕە، تەفسیر، هەولێر/عێراق ٢٠٠٩.

[٧٧] چاپی یەكەم: ٨٧ لاپەڕە، تەفسیر، هەولێر/عێراق ٢٠١١.

[٧٨] چاپی یەكەم: ٢٠١١. چاپی دووەم: ٩٨ لاپەڕە، تەفسیر، هەولێر/عێراق ٢٠١٣.

١٥. مەلای گەورەی کۆیە و تەفسیرەکەی و چەند سەرنجێك[٧٩].

١٦. لێکۆڵینەوەیەك لە بارەی هەبوون و نەبوونی نەسخ لە قورئاندا[٨٠].

١٧. تاقیکردنەوەی خوا بۆ بەندەکانی چییە و چۆنە[٨١].

١٨. ڕەوەندی کوردی لە هەندەران و ئەرکی سەرشانی[٨٢].

١٩. خاتوون مەلاژن: ئافرەتێکی هەڵکەوتوو و هاوسەرێکی ناوازە[٨٣].

٢٠. گەنج و قەیرانی ڕوحیی: هۆکار، شوێنەوار، چارەسەر[٨٤].

٢١. ژیان لە سایەی ئیماندا و ڕواندنەوەی گومانەکان[٨٥].

بەشێك لە بەرهەمەکانی بۆ سەر زمانی ئینگلیزی و عەرەبی وەرگێڕدراون و زۆرێك لە چاوپێکەوتن و گفتوگۆگانیشی لە چەند پەرتوکێکدا چاپکراون.

**سەرچاوە:**

**چاوپێکەوتن لەگەڵ ناسێنراو "مامۆستا عەلی باپیر" لە مەکتەب سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان لە پارێزگای سلێمانی، ڕۆژی پێنج شەممە، ڕێکەوتی ٢٠٢١/١/١٤ کاتژمێر یەکی نیوەڕۆ.**

**ئامادەکردن: احسان ابراهیم بەڵخەیی**

[٧٩] چاپی یەکەم: ٩٦ لاپەڕە، تەفسیر، هەولێر/عێراق ٢٠١١.

[٨٠] چاپی یەکەم: ١٠١ لاپەڕە، تەفسیر، هەولێر/عێراق ٢٠١٢.

[٨١] چاپی یەکەم: ٢٠٠٣. چاپی دووەم: ٩٦ لاپەڕە، تەفسیر، هەولێر/عێراق ٢٠١٢.

[٨٢] چاپی یەکەم: ٢٠٠٣. چاپی دووەم: ٩٦ لاپەڕە، تەفسیر، هەولێر/عێراق ٢٠١٢.

[٨٣] چاپی یەکەم: ٦٢ لاپەڕە، تەفسیر، هەولێر/عێراق ٢٠١٢.

[٨٤] چاپی یەکەم: ٥٤ لاپەڕە، تەفسیر، هەولێر/عێراق ٢٠١٧.

[٨٥] چاپی یەکەم: ١١٢ لاپەڕە، تەفسیر، هەولێر/عێراق ٢٠١٧.